**له ريگاى بەرێز قونسولی ئەڵمانیای فیدراڵ له شاری هەولێر**

**بەرێز: سەرۆك كۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ**

**بەرێز: سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیای فیدراڵ**

**بەرێز: سەرۆكی پەرلەمانی كۆماری ئەڵمانیا**

**بەرێز: باڵوێزی ئەڵمانیا له كۆماری عێراق**

**بەرێز كۆنسۆڵی ئەڵمانیا له شاری هەولێر**

**پاش سلاو**

**بەهۆی ئەوەی كۆمپانیاكانی كۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ هاوشان له گەڵ زۆربەی ولاتانی ئەوروپا و ئەمەریكا و یابان و .... له هەشتاكانی سەدەی رابردوو رۆڵیان هەبوو له فرۆشتنی بەشی زۆری چەكی كیمیاوی به رژێمی بەعسی روخاو, ئەویش ئەو چەكانەی له قەلاچۆكردنی هاوولاتیانی كوردستان بەكار هێناو ئاكامەكەشی دەیان هەزار هاوولاتی سڤیل بوونه قوربانی, نموونەیەكی دیاری تاوانەكانیش كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجه بوو كه له رێكەوتی ١٦-٣-١٩٨٨ له لایەن رژێمی بەعسەوە, هاوشان لەگەڵ شاری هەڵەبجه ٢٥٠ جاری دی كوردستان له نێوان سالانی ١٩٨٧-١٩٨٨ بەو چەكانه كیمیاباران كران, تا ئێستاش سەدان لەو قوربانیانه كه به چەكی ئەو ولاتانه كیمیابارانكراون به دەم ئازارەوە دەتلێنەوە, ناوە ناوەش به مردنی هەر یەكێكیان ژمارەی تازه دەخەنه سەر ٥٠٠٠ قوربانییەكەی چەكی كیمیاوی شاری هەڵەبجه و هەزارانی ناوچەكانی دیكه, هەر بەهۆی ئەو تاوانەشەوە شاری هەڵەبجه چووە پەرتووكی گینزەوە وەك یەكەم شار له مێژووی مرۆڤایەتی كه زۆرترین قوربانی سڤیلی هەبێت به چەكی كیمیاوی له مێژووی مرۆڤایەتی.**

**ئێمه ئەمرۆ له شاری هەولێر كۆبوینەتەوە, وێرای ئەوەی سوپاسی ئەڵمانیا دەكەین كه هەڵوێستی باشیان هەبووە له مامەڵەكردنی مرۆڤدۆستانه له گەڵ پەنابەرانی ئێزیدی و ناساندنی ئەو تاوانەی بەرامبەریان كراوە به جینۆساید و دادگاییكردنی تاوانبارانی داعشی تیرۆریست و هاوكاری هێزی پێشمەرگە له شەری دژ به تیرۆریستان, وە ئەڵمانیا رۆڵی پێشەنگانەی هەبووە له بەرەو رووبوونەوەی مێژووی رابردووی خۆی له ئاستی جیهانی بەرامبەر ئەو تاوانانەی ل رابردوو حكومەتەكانی ئەڵمانیا ئەنجامیان داون, هاوكات وەكو سالانی رابردوو**

چەند داواکاری سەرەتایی دوبارە دەخەینەوە بەردەست ئێوەی بەڕێز, کە بۆ چەندین ساڵە داوایان دەکەین, بە داخەوە بۆ جارێکیش وەڵامتان نەداینەوە, داواکارییەکانیش ئەوەندە زۆرو گەورە نین ولاتێکی وەک ئەڵمانیا نەتوانێت جێبەجێیان بکات, هیوادارین ئێوەی بەڕێز بە ڕۆڵی مرۆڤدۆستانەی خۆتان هەڵبستن لە پشتیوانیکردن لەم داواکارییانەو نەفرەت لەو مێژووە ناشرینەی رابردوو بکەن کە بە چەکی کیمیاوی کۆمپانیاکانتان بەشداریتان کرد لە لە تاوانەکە وەک زۆر وڵاتی دیکە لەوانە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە لە جیهان, دیارە ئەڵمانیا وڵاتێکی پێشەنگە لە رۆژئاواو جیهان لە قەرەبووی قوربانیان و داوای لێبوردنکردن " هۆلۆکۆست, نامیبیا, ئەرمینیا" نموونەی پرشنگداران لەو بوارە, داواکارییەکانمان بریتین لە:

- حکومەتی ئەڵمانیا بە فەرمی دان بە تاوانەکانی جینۆسایدی کورددا بنێت وەك جینۆساید, کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی دانی پێدا ناوە, هاوکات تاوانی جینۆسایدی ئێزیدی و کریستانەکان و شەبەك کە هێزی تیرۆریستی داعش ئەنجامی دا.
- حکومەتی ئەڵمانیا بەشداری بکات لە کەمکردنەوەی ئازاری بریندارانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان بە چارەسەرکردنی بریندارەکان لە وڵاتی ئەڵمانیا.
- لە بری ئەوەی رۆژانە ڤیزا دەدەن بە بازرگانان و دەوڵەمەندان و بەرپرسانی ئەم وڵاتە و کار ئاسانیان بۆ دەکەن بۆ گەشتکردن, ڤیزا بدەن بە بریندارەکانمان بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی لە وڵاتەکەتان, وە وەك قەرەبویەك ژمارەیەك کورسی خوێندن بۆ نەوەکانی بریندارى کیمیاوی لە زانکۆکانتان تەرخان بکەن.
- پزیشك و دەرمان و کەرەستەی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی چارەسەری برینداران چەکی کیمیاوی دابین بکەن.
- وەك چۆن تاوانبارانی داعش ددگایی دەکات, هەمان هەنگاو بنێت بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی تاوانی ئەنفال, هەڵەبجە, جینۆسایدی بارزانییەکان, جینۆسایدی کریستان و شەبەك و کاکەیی و .... وە داداگاییکردنی ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاویان فرۆشتووە بە رژێمی پێشووی عێراق, بۆ ئەم مەبەستە لە ئاستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەنگاو بنێت .

-رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید-kwg

-تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc

-تۆڕی ئایکان کوردستان –IKN

-رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان –OAWMD

-ڕێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری –OJC

-ڕێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی-WWW

-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

-گۆڤاری تۆبزاوە

-رۆژنامەی نگرە سەلان

- ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

-کوردۆساید ۆچ-چاك کوردستان

-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ قەدەغەکردنی چەکی ناوکی و کۆکوژ لە کوردستان=KONW